پەیامی بافڵ تاڵەبانی لە ئامەد خوێندرایەوە

ئەمڕۆ هەینی لە میان ئاهەنگی نەورۆز لە ئامەد، پەیامی بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان خوێندرایەوە.

لە پەیامەکەی تاڵەبانی دا هاتووە، بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی کوردان و سەری ساڵی نوێی کوردی، کە هاوکاتە لەگەڵ راپەڕینی کەرکوکی قودسی کوردستان، لە دڵەوە پیرۆزبایی گەرم لە کوردستانیانی خۆشەویست دەکەم و هیوای ئاشتی و ئارامی و شادمانیی بۆ هەمووان دەخوازم.

ئاماژەی بەوەشکرد، نەورۆز پەیامی نوێبوونەوە، تەبایی، پێکەوەیی، برایەتی و یەکڕیزیی کوردایەتییە بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی.

هیواشی خواست، "ئەم نەورۆزە ببێتە هۆی ئاشتی، سەرخستن و پشتگیرییکردنی دۆزی کورد لە هەموو شوێنێک و دەشڵێت: میللەتی کورد شایستەی ژیانێکی شەرەفمەندانەیە، با هەموومان پێکەوە شانبەشانی یەک هەوڵبدەین و کار بۆ ئاشتی هەمیشەیی بۆ گەلی کورد و سەرفرازیی بۆ کوردستان بکەین."